# دووەمین دیدار لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی

سەرۆ قادر

بەناوی خۆم و هاوکارانم لەو دەزگاراگەیاندنانەی لە هەولێرن  و بانگێشتی منیان قبوڵ کردووە، بەخێرهاتنی گەرمتان لێدەکەم. جارێکی دیکەش ئەو خۆشحالّیەی خۆم بەرامبەر بە زیندوویەتی خوێندکار و قوتابیانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی دەردەبرمەوە کە بەرامبەر بە هەموو بوارە گرنگەکانی پەیوەندار بە چارەنووسی ولاّتەکەمان. هەلّبەت هەولّدەدەم قسەکانی پێشووم چ لە کۆری شەفافییەت یان لە کاتی پێشوازی یەکەمم لەو خوێندکار و قوتابیانەی وەك ئێوە بە حەزلی خۆیان بۆ گفتوگۆکردن هاتبوون، دووبارە بکەمەوە.

لێتان ناشارمەوە ، ئەوەی لە کۆرەکانی پێشوومدا گوتومە هەلّەیەکی لەزاردەرچوو نەبووە تا ناچاربووبین خەلّکی بۆ کۆبکەینەوەو پاساوبێنینەوە،بەلّکو رێبازێکی نوێ بووە لە راگەیاندنی کوردستاندا. لەم کارەماندا سەرۆکی حکومەتی کوردستانیشمان (نێچیرڤان بارزانی) ئاگادار کردووە کە پشتیوانی پرۆسەکە بکات و حکومەت ئامادەی گوێگرتنی زیاتر لە پێشوو بێت بۆ ئەو پێشنیار و ئاشکراگۆییەی دەکرێت.

لە کۆری یەکەممدا، لەسەر کار و بە ماندوویەتی دەستم بە قسەکردن کرد بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر لەو چەشنە ئیرتجالی قسەکردنەدا دیققەتی پەیڤەکان یەك لەدوای یەك، بەوشێوەیە نەیەن کە مەتلّوبە، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نیە لە یەك وشەی کۆری یەکەمم پەشیمان بم. دیفاع لە پەیڤ بە پەیڤی دەکەم. هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کۆرە بلاّوکراوەکەم. مەبەستم ئەو دەقەیە لە دەزگاکانی راگەیاندن بلاّوکرایەوە.

ئێستاش جارێکی دیکە لەگەلّتان دەکەومە گفتوگۆ و لەو کەسانەشتانەوە دەست پێدەکەم کە هێندە موخالیفی منن کە تەنیا نایانەوێ سەرم ببرن. لە موخالیفی

رەئیەوە تا موخالیفی سیاسی، رێباز، شەخسی من و ئەو حزب و راگەیاندنەی من کاری لەسەر دەکەم. تاکو بگەینە ئەو چارەسەریانەی بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەمان سودی هەیە و بە کەڵکی چاکسازی دین. هیوادارم ئەوانەی موافقی منن چەندی دەکری بێدەنگ بن، ئەگینا با شتێکیان پێبێت بیخەنە سەر بیروراکانی من.

قسەیەکی بیرمەندێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: رووناکبیر ئەو کەسەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لێینەکراوە. بەڵام وەڵامەکان لەسەر دیاردە و واقیعێك بن هەیە و جێی بایەخی خەڵکن. مەبەستم نموونە هێنانەوە بەخۆم نیە بەڵام لەمەولا ئەگەر کەسانی ئاوها لە وڵاتەکەماندا هەبوون، ئەگەر پرسیاریشیان لێنەکرابوو، دیاردەی نوێیان تۆژییەوە، وروژاندی تاکو کەسانی دیکەی زاناتر منافەسەی بکەن و مناقەشە بکری، با پشتیوانی بکەین تا دەنگی بگاتە خەڵك.

ئێمە هەمووما هەر لە سەرۆکی وڵاتەوە تا دەگاتە هاوڵاتییەکی سادە، غەممان ئەوەیە چۆن بەڵایەکانی عێراقی ئێستا لە خۆمان دووربخەینەوە کە پێدەگوترێ شەری دینی و تایفی و سومعەی خراپی عیراق لە ناو جیهاندا بە هی کوردستانیش حساب نەکری. تاکو کوردستان لەرووی ئاسایش و بازرگانی و پەیوەندی دپلۆماسی لەو سومعە خراپەی عیراقی ئەمرۆ جیا بکەینەوە. جا مافی هەموو لایەکمانە بیر بکەینەوە چۆن دەکری باشترین حکومەتمان هەبێ، باشترین میکانیزم بۆ پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵك بدۆزینەوە، هەر ئەوەش باشترین خزمەتە بە نیزامی دیموکراسی کوردستان.

زۆر لە ئێوەو ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە نووسیویانە، باس کراوە کوردستان تەجرەبەی خۆبەرێوەبردنی کەمە، دەوڵەت بەرێوەبردن کارێکە دەبێ مێژوویەکی بەدواوەبێت. شتێك نیە هەر بە قسە دروست بکرێ. ئێوە ئەوانەی لەبواری زانستە مرۆییەکان دەخوێنن دەزانن هەموو بەشەکانی ئەو زانستانە بە مێژوویەکی درێژ دوای دروستبوونی دەوڵەتانەوە هاتوونە کایە. ئێمە هیچ کام لەو دووانەمان نیە تا هەر بە کتێب خوێندنەوەیەك فێری دەوڵەت بەرێوەبردنێکی باش بین. ئەم قسانەشم بۆ پاساو

هێنانەوە بۆ بەشی دامودەزگا خراپ و نەزان و نەشارەزای حکومەتی کوردستان نیە. هەر کەسێك لە هەر پۆستێکدایە بەرپرسیارە لەو کەموکوریانەی لەو بواردا روودەدات. بەڵام پێویستە دان بەوەدابێنین کە ئێمە حکومەتێکمان هەیە تەمەنی پانزدە ساڵە، دە ساڵی لەو تەمەنە کورتەدا لە شەری ناوخۆ و تەنگوچەڵەمەدا بەسەربردووە. سیانزدە ساڵ لەو تەمەنەی لە گەمارۆی نێودەوڵەتی و عیراقی گوزەراندووە. هەمووی دوو ساڵە بەپێی دەستوری عێراق ئیعتراف بە کوردستان کراوە. دەشزانن بە درێژایی مێژووی عێراق هێندەی ئێستا شپرزە و بێ سومعە و مەکۆی تیرۆر نەبووە. ئەوانەش گشتیان بوونەتە گرفتی زۆر گەورە بۆ حکومەتی کوردستان کە بەرهەمی سەدساڵ تێکۆشانی میللەتەکەمانە.

لە هەردوو کۆرەکەی پێشوومدا، وەك پلەی سیاسی یان رۆژنامەنووس یان نووسەرێك، بەرپرسیارێتییان قبوڵ دەکەم. ئەگەر دڵنیاین لە هونەری حکومەتداریدا کەموکوریمان هەسنە پێویستە پرسیار لە خۆمان بکەین ئەوانە لە کوێوە دێن؟ لەو کەسانەدایە کە تەنیا حکومەت بەرێوەدەبەن؟ خۆ ئەو کەسانە زۆر گۆردران. یان کۆمەڵگایەکمان هەیە قەت سەربەخۆ نەبووەو بۆیە خاوەن دەوڵەتیش نەبووە، دامودەزگای پەروەردەو پێگەیەنەری کادری حکومەتی نەبووەو نیە، ئایا لە خودی کۆمەڵگاشدا کەموکوری نیە؟ پێموایە دەبێ جورئەتی ئەوەمان هەبێت پاش ئەوەی کەموکوریەکانی حکومەت ئاشکرا دەکەین، بانگ بدەین: حکومەتێکی باشمان نابێ ئەگەر چاکسازییەکی کۆمەڵایەتی جدی دەستپێنەکەین.چاکسازی کۆمەڵایەتی لە چاکسازی کردن لە ناو حکومەتدا زۆر سەختترە. چاکسازی کردن لە حکومەتدا بە بریاری ئیداری و ئیرادەو هێزی سیاسی دەکرێ، بۆیە ئەگەر بیانەوێ بیکەن کاری شەو رۆژێکە. رەخنەگرتن لە سەرۆك و وەزیر و بەرێوەێك لە هەبوونی ئازادیدا کارێکی قورس نیە. ئەو سەرۆك و وەزیر و ئەندام پەرلەمانە تا دەگاتە سادەترین هاونیشتمانی، ئەگەر بەری رەخنەگرتن ناگرێ، دەبێ بزانێ لە نیزامی دیموکراسیدا جێی نابێتەوە. ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی

سیستەمی دیموکراسی. لەم روانگایەوە بوو کە سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێوەبەری میدیاکانی کوردستان گووتی: ئەگەر هەمووتان هەموو رۆژێ قسەی ناشیرینیشم پێبدەن، لەسەر خۆم لێتانناپێچمەوە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئامادەیی سیاسی بۆ قبولّ کردنی رەخنە هەیە. هەر چەند پێموایە ئەگەر یەکێك پێشێلی مافە مەعنەویەکانی سەرۆکی ولأت و سەرۆکی حکومەت و پۆستە مادی و مەعنەویەکانی دیکەی سەروەری(سیادی) بکات، ئەوە سیستەمی دادوەری (قەزایی) دەبێ دیفاعیان لێبکات.

رەخنەگرتن لە کۆمەڵگا جورئەت و زانایی دەوێ. رەخنەگرتن بە مانای جنێودان بە کۆمەڵگا نیە. بەڵکو رەخنەگرتن لە کەلتوری کۆمەڵگایە. ئێوە خوێنکارن و دەزانن کەلتور بریتی نیە لە شیعر و چیرۆك و رۆمان، کە هەموویان لە جانتایەکی گەورەدا جیگایان دەبێتەوە(چونکە لەوێشدا هەژارین)، کارێکی ئاسان دەبوو. ئەوەی من دەڵێم رەخنەگرتنە لە وردەکارییەکانی ئەو باوەر و داب و نەرێتانەی رۆژانە پێی دەژین، لە ناو ماڵ، لە نێوان دایك و باوك و کور و کچ، لە دراوسێیەتیدا ، باوەرەکانمان بۆ بەرێوەبردن، کارکردن، بەشێکی هەرەزۆری کەلتوری ئێمە دینەکەمانە، کەواتە ئەویش دەبێ توانایی خۆ گونجاندن و خۆچاککردنی هەبێ. لە دنیادا دەوڵەتێك نیە پێش چاکسازی کۆمەڵایەتی بووبێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخی زۆر باش. ئەو کاتەی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات و دین خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ، ئەو کاتەیە رێگا لەبەردەم توانایيە نۆێیەکان دەبێتەوە، ئازادییەکان فراوانتر دەبن، ئینجا حکومەتێکی رێکوپێکترت دەبێت.

دەمەوێ بزانن من زۆر پشتیوانی حکومەتی کوردستانم و پێویستە هەموو هاولأتیان شانازی بەو سەروەرییە بکەن کە هەیانە. سەروەریمان لەو حکومەتەدا دەردەکەوێ کە هەمانە. ئەویش پەسندکراوی ئەو پەرلەمانەیە کە هەڵمانبژاردووە. ئەگەر سەروەری مایەی شانازی میللەتان بێت، دەبێ ئێمە ئەوانەی ئێستا لێرە دانیشتووین ، تێر تێر

شانازی بەو حکومەت و سیستەمەوە بکەین کە هەمانە. بە بارستایی ئەو شانازییەش دەبێ ئامادەییمان تێدابێت رەخنە لە دامودەزگاکانی حکومەت و سیستەمی کۆمەڵایەتیمان بگرین. ئەم حکومەتە بەرهەمە تێکۆشانی شەهیدانی ئەم میللەتەیە. دەپرسم : ئایا حکومەت هەر لەخۆیەوە چاك دەبێ (ئیسلاح)؟ پێموایە نا. راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە چەشنە جیاجیاکانیانەوە، رۆڵی سەرەکیان هەیە لە گەیاندنی راو بۆچوون و خواستەکانی خەڵك بە حکومەت، هەروەها هێنانەوەی وەڵام و ئاستەنگ و کەموکوریەکانی حکومەت بە خەڵك. رۆڵی ئەم دووانە(راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) لەوە تێناپەرێت. لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا راگەیاندن بەمانای جنێودان نیە، چونکە ئەوە بە پێشێل کردنی ماف دادەندرێ، بۆیە رۆژنامەنووس و خاوەن دەزگاکانی میدیا دەکەونە بەر لێپێچانەوەی یاسایی، ئەگەر لە جیاتی گواستنەوەی پەیام ( جا چ سیاسی، هەواڵ، بیرورا، پرۆژە ..بێت) توندوتیژی بگوازێتەوە. لە یاسای نێودەڵەتیدا توندوتیژی لە کاری راگەیاندنیشدا قەدەغەیە. هەربۆیە کە سنوری خۆیان بەزاند پێشیان پێدەگیرێ.

ئێمە تەجرەبەیەکی کەممان لە کاری راگەیاندا هەیە. هەر چەند لە بواری نووسین و بیستن بەشێکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووە، بەڵام دوای راپەرین ئەو شۆرشە (پازدان) گەورەی لە تکنۆلۆژیای راگەیاندن روویدا و ئێمەش ئەم دواییە وەك هەموو دنیا لێی بەهرەمەندین، وەکو هەموو میللەتان دەنگمان بە خێرایی دەگاتە هەموو دنیا. بەڵام ئایا گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئامادەکردنی کادری راگەیاندن و دروستکردنی روانگای هاوچەرخی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی گۆرانکاری روویانداوە؟ نا رووی نەداوە، بۆیە دەبینین 1- خەڵك گلەیی لە ئاستی بەرهەمی راگەیاندن هەیە و لەگەڵ راگەیاندنی پێشکەوتوو بەراوردی دەکەن. خەڵك حەقیەتی. بەڵام خۆ کادری راگەیاندن لەناو ماڵ فێری ئەو پیشە هاوچەرخە نابێ. لە هەموو بوارەکانیدا دەبی بخوێنی، ئینجا رادەهێندری، جا حەزی لە کام کاناڵ بۆ کام مەبەست

و له چ بواردا ئیش بکات؟ بۆ نموونه حەزی لێیه له کانالێکی سیاسی بێت یان له یەکێکی کۆمەڵایەتی، له هونەردابێت یان پەروەردەیی، لەوێدا پەیامنێر بی یان نووسەر بیٚ، لێکۆڵەرەوه بێت یات پێشکەشکار بێت، چاودێری زمان بی یان وێنەگر بێت؟.. وه پێداوەره. ئەو بوارانه هەموویان گرنگن و پێویسته بۆیان بخوێنن و ئاماده بکرێن. ئێمه ئەوانەمان هیچی نیه. کەسەکان لەناو ماڵەوه هاتوون حەزیان لێیه ببنه رۆژنامەنووس. کەلتوری ناو ماڵ، گەرەك، شار له زمان و نووسین و قسەکردن و بەکارهێنانی گفتوگۆ دەگوازێتەوه بۆ دەزگاکانی راگەیاندن. بۆیەش قسەی سوك و پێشیل کردنی ماف دەکات و هەستی پێناکات. هەندێکیش پەیدابوونه پێیانوایه دەبی قسەی سوك و بوختان به هاوڵاتیان بکەن تا بناسرێن. کەچی له کاری راگەیاندندا ئەمه تاوانه. چەند مەترسییەکی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنی: نابێته مایەی چاکسازی. بۆ نموونه وەزیرێکی نەزان یان گەندەڵ یان سەرنەکەوتوو یان مناسبی پلەکەی نیه، رۆژنامەنووس یان ئەو گروپەی تەمای وایه رەخنەی لێبگرێت، دەبیٚ زۆر خۆی ماندو بکات و بەدوای کارەکه بکەویٚ بەڵگه بەدەستبێنیٚ و شیبکاتەوه، دەبی له سنوری یاساوه بجولێتەوه، پەلاماری نەدات، چونکه وەزیریش مافەکانی هاوتیبوونی هەر دەمێنیٚ. بۆ نموونه جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دوو سەرۆکن له پێکهاتەی عێراقدا، بەڵام وەك ئێمه ناسنامەی مەدەنیشیان (هەویەی ئەحوالی مەدەنی) هەیه و هاوڵاتین، که ئەو پۆستانەیان پێسپێردراوه لەبریدا مافی هاوڵاتییان لێوەرناگیرێتەوه. وەزیر و بەرێوەبەرەکانیش هەروان. کاتێك رەخنەیان لێدەگیریٚ، دەبیٚ لایەنی یاسایی و مافەکانی مرۆڤ رەچاو بکرێن. بەم شێوازه پێیدەلێی: کاکی من ئەوه کەموکوریەکانته. سەرۆکی حکومەت ئەمه کەموکوری کابینەکەته، سەرۆکی ولأت ئەمه کەلەبەرەکانی سیستەمەکەته. ئەو جۆره رۆژنامەنووسانەن دەست به وەزیر لەکارەکەی دەکێشنەوه. بەڵام نه به شەرەجنێو.

2– رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، پێكهاتەیەكی نوێی سیستەمی دیموكراسین، دیموكراسی هاوچەرخ نەك كلاسیك. ئەوانیش هەندێكیان وەك راگەیاندن ، خەریكە كاری خۆیان بە چەوتی تێدەگەن. كاری ئەوان هاندانی خەڵك بۆ توندوتیژی و خۆپیشاندان و پەلاماردان و تیرۆر نیە، بەڵكو پردی پەیوەندین لەنێوان حكومەت و ئەو هاوڵاتیانەی مافیان پیشێل دەكرێ، وەك پێرانەگەیشتنی حكومەت، خراپیەكانی بیرۆكراسی، لایەنگیریی سیاسی بووبێتە مایەی فەرق و جیاوازی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ تاك یان ناوچەیەك، یان هاوكاریان پێویستە یان كاری رۆشنگەری دەكەن. ئەی ئەگەر ریكخراوی كۆمەڵگای مەدەنی بڵندگۆی بەدەستەوەبوو بۆ هاندانی خەڵك تا پەلاماری ئەم و ئەو بدەن؟ ئەمە رێك ئەو عەقڵیەتەیە كە یەكێك جنێو دەدات و دەڵێ من رۆژنامەنووسم حەقمە ئەم كارە بكەم، هەر بە گوێ لێبوون راپۆرت دروست دەكات و هەڵوێستیش وەردەگرێ و بێلایەنیش ناپارێزێ، حەیای هاولاتی دەباو بەرژەوەندی دەخاتە مەترسی، دوایی دێت داوای لێبوردن دەكات گوایە نەیزانیوە! ئەرێ لە ولاتانی پێشكەوتوودا شتی ئاوها هەیە؟ ئەم دیاردەیە لە كولتوری كوردستانیشدا نیە. با نموونەیەكتان بۆ بگێرمەوە: وەك دەزانن حكومەتی ئیسلامی ئێران كەیفی بە ئەمریكا نایەت، بۆیە فلمی سەیرو سەمەرە لەسەر كەلتوری ئەمریكا دروست دەكەن. لە تەلەفزیۆنی ئێراندا لاسایی فیلمێكی كاوبۆیان دەكردەوە، كاوبۆیەك دێتە ناو گازینۆیەكی قەرەباڵغ و بە ئیشارەت لە خاوەن گازینۆیەكە دەپرسێت: ئەرێ هۆ و كابرایەی دواوە ناوی چیە؟

خاوەن: كامەیان؟

كاوبۆ: ها هۆوەی فلان كورسی

خاوەن: تێناگەم كامەیانت گەرەكە!

كابرای كاوبۆ دەمانچەكەی هەڵكێشا و سێرەی لێگرت و تەپەی لێوەهێنا

خاوەن: ها.. جا تازە ناوت بۆ چیە؟ كوشتت.

ڕۆژنامەنووسەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نابێ ئەو دەمانچەیە بەکاربێنن. (هەڵبەت ئەم قسەیەم متڵەق نیە و هەموو هەر لەم چەشنە نین). پێویستە سنگیان بەقەد سنگی پاڵەوانی ئەفسانەیی ئێران ئارەشی کەمانگیر فراوان بێت بۆ گفتوگۆ.( لە ئەفسانە مێژووییەکانی ئێراندا ئارەش ئەو نیشتمانپەروەرەیە کاتێك وڵاتەکەی داگیرکرا پێیان گووت سنوری وڵاتەکەت هێندەی مەدای هاویشتنی تیرێك دەمێنێ. ئارەش تیروکەمانەکەی هەڵگرت، ئیرانیەکان دڵیان لە چنگی ئارەشدابوو چونکە پانتایی نیشتمانی بۆ دیاریدەکردن. ئارەش دەیویست تیرەکەی تا ئەوسەری سنوری ڕاستەقینەی ئیران بڕوات، بۆیەی هێندە بە تاو تیرەکەی ڕاکێشا کە گیانی لەگەڵ دەرچوو!) ئەگەر یەکێك قسەیەکی کرد، پێشنیارێکی کرد، رەخنەیەکی گرت ، نەك جارێك بەڵکو سەد جار داوای لێبکەین بۆمان ڕوونبکاتەوە مەبەستی چیە؟ چونکە مەبەستم ناوەڕۆکی پەیامەکەتە با تێتبگەم مەبەستت چیە.

ئەی ئەگەر لە سەنگەر دانیشن و وشەیەکت لێبقۆزنەوە یان هەڵگێرنەوە یان بەپێچەوانەوە لێکیبدەنەوە؟ ئەوکات کارەکە لەگەڵ کەمین دانانەوەی تیرۆریستان فەرقی چیە؟ ئێرانیەکان بە شەهامەترین کەس بە ئارەش دەشوبهێنن، پێویستە ڕۆژنامەنووس و چاکسازی مەدەنی ڕوحیەت و شەهامەتی ئارەشی کەمانگیری هەبێت.

قسەیەك دەکەم، حەز دەکەن باوەر بکەن، حەززیشتان کرد پێش بیکەم باوەر مەکەن: من تۆزقاڵێك بەو هەڵلا و جنێو و بوختانانە تەنگاو نابم. دەزانن بۆ؟ چونکە هیچ کاریگەری بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستانەوە نابێ. خۆ ڕاگەیاندن ناکەینە باڕی جوانمەردە(الفتوە) کۆنەکانی بەغدا. دەڵێن چونکە دوای سەرخۆش بوون بە بوتڵ و دۆلکە لە سەروپۆتەڵاکی یەکتریان دەدا، ناچار خاوەنەکەی مێزەکانی کرد پلێت و بە بورغی بە کەفی هۆڵەکەوە بەستنی، پەرداخ و قاپەکانیشی کردە چینکۆو بە زنجیر بە مێزەکانەوە بەستنیەوە. شەراب و مەزەیان بە سەتڵ بەسەردا دەگێران! دەبێ شەهامەتی ئەوەمان هەبی بڵێین ئێمە لەوانە نین. وشەی شەهامەت مانای وێران و

نەترسان و قسەکردنە چونکە یاسایەك هەیە دەتپارێزێ. لێکحاڵیبوون هونەرە و پێش ئەویش زانستە. ئێمە دەبێ شێوازی مناسبی کولتوری خۆمان کە دەمانەوی گۆرانی تێدا بکەین بدۆزینەوە. دەبێ بخوێنین و تەجرەبەی وڵاتانی پێشکەوتوو دیراسە بکەین. زۆر بە متلەقی دەڵێم مرۆڤی هاوچەرخ نابێ بە رای مخالف هەڵبچێت، دەبی خۆی بگرێ، دوایی بە مەنتق بکەوێتە بەرەنگاری.

ئەو شتانەی گووتم بە ئاسانی نایەنەدی چونکە پاشماوەی کێشەی سیاسی هەر ماوە. یەکێتی و پارتی کە شەری یەکدییان دەکرد، خیلافی سیاسی نەماوەو هاوپەیمانن. پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پێکەوە بەرێوەدەبەن و بە یەك ئەندازەش لە کەموکوریەکان بەرپرسیارن. جا کورد تەنیا خۆیان بەرێوەنابەن، بەغداش بەرێوەدەبەن. لەوێش بەقەد یەکتر مەسئولن. بەڵام هەر یەکەیان لە پۆستی خۆیدا تەحەمولی پۆستی خۆی دەکات. جا پیتانوانەبێ هەموو کەس حەزی لە بەرەوپێشەوەچوونی ئەم پرۆسەیەیە. ناحەزەکان ئەمانەن:1- هەندێك کەسایەتی سیاسی 2- هەندێك دەوڵەت 3- چەند ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پاشکەوتووی خەتەرناك. ئەوانە چاوەروان بوون ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان کاری وەك بارِی جەوانمەردەکانی بەغدا بێت کە باسمکرد، وەزیرەکان نەتوانن کۆببنەوەو هەر خەریکی هەڵڵا بن. چاوەرێی ئەوەیان نەدەکرد فەننی بەرێوەبردنی حکومەتی دوای شەری ناوخۆ و شەری ساردی دە ساڵە، بە جۆرێك بێت کە هێمنترین و شارستانیترین وپرکارترین شوێنی حکومەت ئەنجومەنی وەزیران و دەزگاکانی بێت!

ئەوە گومانی نەهێشتەوە کە بەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە بڵێین: نێچیرڤان بارزانی دەستت خۆش بێت. دەبێ هەردوو حزب پشتیوانی بکەن. بەڵام ئەگەر کەسانێك هەبن لەوە پەستن و بەرژەوەندیان تێیدا نیە و ئاشی ئەوان سەرمایەی پێناگەرێ، کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەی لێکحاڵیبوونە دروست نەبێت. بۆیە وتاری ژەهراوی بڵاودەکەنەوە، وشەیەك دەقۆزنەوە، چونکە هەموو کارەساتەکان لە

کوشتنی کەسێك یان ڕووداوێکی لەناکاو دەستپێدەکات. ئەگەر یەکێك هەموو وڵاتەکەی بەلاوە گرنگ نەبێ، گفتوگۆ و لێکحاڵیبوونی بەلاوە قەت گرنگ و پیرۆز نیە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕۆژنامەنووسە گەنجەکان کە وڵاتی خۆیان خۆشدەوێ و بۆ پێشکەوتنی کار دەکەن، نەکەونە ئەو داوانەوە. جا ئەو داوە با داوی سەرۆ قادر بێ و ناوی کەسی دیکە ناهێنم.

هەر هاوڵاتییەك بە ڕێگای قانون دیفاع لە ڕای خۆی بکات، ئەگەر ڕایەکەی زۆریش چەوت بێت، ئینجا بۆ گۆرانکاری کۆمەڵایەتی ، لەو کەسانە بە شەهامەتترە کەوا بڵندگۆئاسا هەر دەنگ نەقڵ دەکەن. چونکە بەلانی کەمەوە دەبێتە مایەی گفتوگۆ و لێکحاڵیبوون. ئەوەشیان بەردەوامی و سەبری دەوێ . هیچ میللەتێك بە تاکە مناقەشەیەك و ڕایەك پێشنەکەوتوون. ئەگەر کرابان جا بەم تکنۆلۆژیا بەرفراوانەی لە دەستماندایە ئەوە بە ڕۆژێك میللەتەکەمان دەگەیاندە قۆناغێکی باڵا. چ میللەتێك وا بە ئاسانی قورتاری بووە تا ئێمەش لاسایی بکەینەوە؟ بۆیە پێویستە پشوی گفتوگۆمان بۆ چەند ساڵ بێت، ئەمە کاری ڕۆژان و مانگان نیە، بەڵام بۆ ئەوەش نیە پاساو بۆ وەستان بێنینەوەو کەموکورییەکان چاك نەکرێن و شوێنەواری چاکسازی نەبینین و بەوە خۆمان ڕازی بکەین کە میللەتان مێژوویەکی دووروودرێژیان پێویست بووە تا خۆیان چاك بکەن و حکومەتێکی باش دروست بکەن!

ئێمە گرفتمان بۆ ڕەخنەگرتن تەنیا بۆ چاکسازی سیاسی نەبووە. بۆ؟ چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ماوەی سەد ساڵ بە پیچەوانەی سەمتی وڵاتانی داگیرکار ڕۆیشتووە لە پێناوی 1- ڕزگاری نیشتمان 2- لە پێناوی ئازادی واتە قورتارکردنی میللەت لە زمان و کەلتوری داگیرکار 3- بۆ هێنانەدی دیموکراسی. ئەم چەمکە وەك چەمکەکانی عیبادەتی ئاینی لەناو ئاگایی و هوشیاری میللەتەکەماندا هەبووە، بەڵام تاقیکردنەوەی نەبووە. هەر وەك چۆن بەهەشت و جەهەننەم لە باوەری ئاینیدا هەنە. دیموکراسی پێویستە دروست بکرێ، زەمانی دەوێ و کاری چەند

نەوەیەکە، بۆیە زۆر پێویستە نەوەکان توانای گفتوگۆ کردنیان هەبێت. ئەو کۆمەڵگایەی چاکسازی ناکات، پێمناڵێی مافەکانی گەنج چۆن دەپارێزرێن؟ منیش وەك ئێوە چەند ساڵە تەماشای بەرنامە تایبەتیەکانی گەنجان لە تەلەفزیۆنەکان دەکەم کە هەمووی لەوەدا کۆدەکەنەوە کە بۆ نایەڵن قۆڵیان رووت بکەن و قژیان درێژ بکەن.

پێویستە بەشێوەیەکی دیکە ئەم گرفتە گەڵاڵە بکەین ئەویش ئەو قەناعەتە دروست بکەین کەوا بایەخی مرۆڤایەتی بزانێ و بەشەر جارێك دەرفەتی ژیانی هەیە و لە چوارچێوەی یاسادا بۆی هەیە بە قەناعەتی خۆی بژیەت. ئەگینا گرفتەکە لە کورت و درێژی قۆڵ و قژدا نیە. پێویستە دان بە هاولاتیەتی یەکدیدا بێنین. لە کۆمەڵگایەکدا تێزاب بە قاچی رووتی ئافرەتدادەکەن و هۆپی بۆ دەکێشن، دەتەوێ گەندەڵی نەبێ؟ ئەو کەسەی تێزاب بەکاردینێ و دەنگ بۆ هەڵبژاردنەکان دەفرۆشێ، ئەو کەسەی نەیخوێندۆتەوەو داوای دادگایی کردن دەکات، ئەو کەسەی نەیبیستووەو لەسەر بیرورا یەکێك دەکوژێت،( ئێستا نموونەی هەمووتان بۆ دێنمەوە) ئەگەر بکرێتە وەزیر و بەرێوەبەر چ گەندەڵێکی لێدەردەچێ؟ ئەری جورئەتی ئەوە بەخۆمان دەدەین بەم چەشنە مناقەشەی کۆمەڵایەتی بکەین و رەخنەی لێبگرین؟ ئێوە دەزانن ئەو دوو کەسەی کە قابیل و شاپوریان تیرۆر کردن، ئەو دوو قوربانیە نە لە حزبی من و نە دەیانناسم، نە رۆژێك لە رۆژان دیتوونم، دوای چەند مانگ گیران و ئیعترافەکەیان لە تەلەفزیۆن بلاوکرایەوە، گووتیان ئێمە بیستمان کە ئەوانە کوفریان کردووە، ئێمە هەردووکمان برادەرین و تەلەفۆنمان بۆ یەکدی کرد و سواری تاکسی بوین و گەردی بەیانی لێیان بەژوورکەوتین ئەوەی لەوێ بوو بێ لێوردبوونەوە کوشتمانن. ئەوەیان لە تەلەفزیۆن و رادیۆوە بیستبوو. ئەوە بە ئەرشیف لای من هەیە. جورئەتی ئەوەمان هەیە دژی ئەم کەلتورە بوەستین یان نا؟

گوێتان لە پەیامی نەورۆزی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان(نێچیرڤان بارزانی) بوو کە سەبارەت بە کار نەکردنی هاولاتیان چی گووت؟ لە توێی ئەو پەیامەیدا

دەیەوێ بڵێ وڵاتتان هەیە، ئازادی هەیە، سامانێکی نیشتمانی زۆرتان هەیە، حکومەتێکتان هەیە کە پێوەیە کەموکورییەکانی خۆی چاك بکات، تکادەکەم 1- هاوکاریمان بکەن تا دەست بە چاکسازی خۆمان بکەین تا گەندەڵی تێدا نەمێنێ و شەفاف بێ 2- وەرن کار بکەن. میللەتێك نابێ هەمووی داوای موچە بکات.

هەموومان مافی خۆمانە سەرمایەی وڵات بە هی خۆمان بزانین بەڵام بە کام رێگایەدا کەڵکی لێوەربگرین؟ پرسیار ئەوەیە: کار دەکەین یان نایکەین؟ کی هەیە سەردان و سکالای بۆ لای ئەو وەزیرو گزیرانە نەبردبێ تا لە معاشێکەوە بیکات بە چەندی دیکە؟ خۆ ئەوانە وەزیر نین هاوڵاتین، ئەو سیفەتە کەلتوورییە گەندەڵییە یان نا؟ ئامادەییمان هەیە رەخنە لەو دیاردە فراوانەش بگرین یان نا؟ چاکسازی کۆمەڵایەتی ئاوها دەستپێدەکات. لەم پرۆسەیەدا هەموو دامودەزگا رۆشنبیری و زانستی و راگەیاندنەکان ئەرکیان لەسەر شانە لە رەگ و ریشەی ئەو کولتورە بکۆڵنەوە تا بزانن چون چارەسەری دەکەن.

ئەگەر نموونەی ئەڵمانیا بێنینەوە دەزانین چەند دیاردەی نەخۆش دوای کارەساتەکانی شەر ، لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن. ئەوان جورئەتی ئەوەیان هەبوو لە کەموکورییەکانی خۆیان بکۆڵنەوە. یەکێك لە وەڵامی مندا نووسیویەتی، سەرۆ قادر من دکتۆرام لە ئەڵمانیا وەرگرتوەو پانزدە ساڵ لەوێ ژیاوم ، ئەوەی تۆ باسی دەکەیت لێرە نی! خەریك بوو لە سەری خۆم بدەم و لە دڵی خۆمدا گووتم من باسی ئەڵمانیای 1914-1950 دەکەم نەك ئێستا. بۆیە پێویستە لە زانکۆکانی کوردستانیشدا چاکسازی بکرێ. دوو رۆژ پێش ئێستا قوتابیەکی پەیمانگا تەلەفۆنی بۆ من کرد گووتی ئێستا مامۆستایەك منی دەرکرد و هەرەشەی دەرکردنی یەکجارەکیشی لێکردم چونکە کاتێك لەناو دەرسدا گووتی هەر کە ناوی سەرۆ قادرتان بیست وێنەی سەگ بەرز بکەنەوە. گووتی منیش مناقەشەم کرد کە سەرۆ مەسەلەکەی بەو جۆرە باس نەکردووە. کەچی مامۆستا پێیگووتم هەستە برۆ دەرەوە. ئەم جۆرە پەیوەندیە هەڵەیە

و ئەوەش گفتەگۆ نیە. جا ئەگەر لە زانکۆ حال ئاوها بروات لە ناو گەرەکەکان چۆن دەبێ؟ مەبەستم خۆم نیە بەڵام با هەر لە ئێستاوە پەرژین بۆ ئازادی رادەربرینی خەڵکی دیکە دروست بکەین. با بە بڵندگۆ هانی توندوتیژیی نەدرێ، ئەویش کێ؟ خوێنکار، بە هاندانی کێ؟ ئەو مامۆستایانەی سیاسەتی تۆقاندن بڵاودەکەنەوە. ئەوە لە کۆمەڵگایەکدا دەکەن کە توندوتیژیی مێژووەکەی پێکدێنێ. برۆن کتێبی (المستبد) نووسینی زوهەیر جەزایری و کتێبەکانی عەلی وەردی بخوێننەوە تا بوانن من دەڵێم چی؟ لە کۆری یەکەمیشمدا سی کتێبم هێنابوون تا دانیشتوان هان بدەم بیانخوێننەوە تا هەر لە خۆمانەوە قسە نەکەین.

راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئەو شێوازانەیان بەردەوام ، ناتوانن پردی گفتوگۆ لەنێوان دوو نەوە، نەوەی نوێ و نەوەی فەرمانرەوا دروست بکەن. تا چاکسازییەکان دەستپێنەکات، ئازادی بۆ گەنجان دەستەبەر نابێ و جوان پێناگەن.

ئێمە کێشەی زمانیشمان هەیە. ئەگەر شانازیمان ئەوەبی کە شاخەکان و زمانەکەمان بوونی میللەتەکەمانی پاراستووە، لە سەردەمی رزگاری و ئازادیدا هەمان زمان لە راگەیاندندا پێیدەنووسرێ و کۆر و کۆبوونەوەی پێدەکرێت، هی ئەم سەردەمە نیە. چونکە نە زمانی پێشوو دۆڵەمەند دەکات و نە پەیامێکی پێدەگەیەندرێ. بۆیە چاکسازیشی پێناکرێت. ئەو کەسەی رای جوانی پێیە با خۆی فێر بکات پەیڤ و وشەی دۆڵەمەند و مانادار بەکاربێنێ. ئەگینا جیا لە دروستکردنی هەرەشە لەسەر سەلامەتیی کۆمەڵایەتی، وجودی زمانەکەش دەخاتە مەترسییەوە.

مەسەلەی پەنابردن بۆ یاساش کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیدارییە. بە نووسین و گوفتار و کردار ئەوەندە بە توندی رەفتار دەکەین رێك وەك ئەو تۆپ و کاتیۆشایانەی رژێمی بەعس لە شار و گوندەکانی خۆمانی دەگرت. ئەوە وایلێهاتووە پەنابردن بۆ یاسا ببێتە عەیب، کەچی یەکێك لە سیفەتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکرات لەوەدایە کە

مافخوراو به دەستی خۆی پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە نابات، پەنا بۆ یاسا دەبات و شکایەت دەکات. شکایەتکردن بێدەسەڵاتی نیە بەڵکو شەهامەتێکی زۆر گەورەیە کە ئێمە ممارەسەی ناکەین. ئەو کەسەی شکایەت ناکات ئەو رێزی یاسا ناگرێت، کەواتە یاسای بۆچییە؟ ئەگەر کار گەیشتە ئەوە ئیدی چ چاوەروانیەکمان لە بەرهەمەکانی دیموکراسی و نەبوونی گەندەڵی و پەرەپێدانی شەفافییەت هەیە؟ ئالێرەدایە رەخنە لە کۆمەڵگا دەگرین.

ئەو راستیە لایەکی دیکەشی هەیە، ئەویش کەموکورییەکانی حکومەتە. ئەگەر کاری دەزگاکانی ئاسایش بەلاوە بنێین کە سەلامەتی و ئەمنیەتی وڵاتیان دابینکردووە. بەڵام دامودەزگاکانی پۆلیس بە چەشنێکی ئەوتۆ راهاتوون کە بەبەرچاویانەوە خەڵك سەرو ملی یەکدی بشکێنن، جوڵە ناکەن و نایانگرن. هاوڵاتی شکایەت بکات بنی پێی دەسوێ هەندی بێت و بچێ تا شکایەتەکەی لێوەردەگرن، کە وەریشیانگرت بەدوایدا ناچن! دەیهێڵنەوەو خاوەخاوەی پێدەکەن. زۆربەی تاوانەکان لەو گنخاندنەوە دێن کە پۆلیس بە دەستەوبردی کاری کۆنترۆل ناکات. کەچی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ئەو کەسەی شکایەتی لێدەکرێ زوو لێیدەپێچرێتەوە و لێیدەکۆڵنەوە، ئەگەر تاوانکار دەرچوو ئەوە یاسا بریاری خۆی دەدات, ئەگەر تۆمەتبارکراو پاك دەرچوو ئەوجا ئەو کەسە سزا وەردەگرێ کە بوختانی بە یەکێکی دیکە کردووە. جا با سەد نموونەی هەردووك لایەن لە وڵاتدا هەبن بەسە بۆ ئەوەی خەڵك بزانن چۆن پەنا بۆ یاسا بەرن و چۆنیش نەتوانن بەدبەکاری بێنن. لێرەدا کاری حکومەتە تا لە رێگای دەزگاکانی پۆلیسەوە $1-$ لادەر یان تاوانبار بگرێ $2-$ زوو بیداتە دەست سیستەمی دادگا تا خێرا رەوا و نارەوا دیاری بکات.

سیستەمی دادگایی ئێمەش دەکەونەبەر رەخنەگرتن. ئەو سیستەمە دەڵێی تەنیا بۆ ژن مارەکردن و تەڵاقدان و تاپۆکردنی زەوی و زار دامەزراوە, هەروەها ئەگەر کوشتارێك بووبێت ئامۆژگاری هەردوولایان دەکەن بچن بە سولحی عەشایری چارەسەری بکەن!

جاری واهەیە هاولاتی خۆی دەیەوێ فایلەکەی لەو فەرمانگا بۆ ئەویدی بەرێت چونکە پۆلیس ناجولێت و هاوکاری خاوەن فایلیش قبولٚ ناکات، ئینجا کە گەیستە دادوەر هێندەی تاخیر دەکات تا شکایەتکار بێزار دەبی و بروای بە عەدالەتی حکومەت لە هەردوو بواری پۆلیس و دادگا نامێنی و لەوانەیە پەنا بۆ تۆلکردنەوەو رەفتاری شەخسی بەرێت. ئا لێرەدایە ئاژاوەو پاشکەوتوویی دەژێتەوە. بۆیە چاکسازی بەو مانایە نیە کە تەنیا لەناو کۆمەلگا و لەدەرەوەی حکومەت دەستپێبکات بەلکو دەبێ لەو بوارانەی ئاماژەم پێکردن زۆر بەخێرایی بیری لێبکرێتەوە. پرسیاری من ئەوەیە: پۆلیس دەگاتە سەر هەموو تاوانەکان؟ دادگاکانمان لە هەموویان دەکۆلێتەوە؟ حوکمی عادل لەسەر هەموویان دەدات؟

تاوانکارن ئەگەر زوو شکایەتی لێبکری و پۆلیس زوو بیگرێت و دادگا زووتر بریاری لەسەر بدات، ئەوە باشترین هاوکاری کراوە چونکە لە تۆلەلێکردنەوە دەیپارێزێ و دادگاکان بە چاپوکییان لەو کردەوەیەدا پێش ئەوەی مافی ستەملێکراو بگێرنەوە، خزمەتی تاوانکاریان کردووە تا جیا لە چاککردنی، لە دەست هەرەشە دەیپارێزن. ئەوانە هەموویان پێویستن. ئەگەر ئاوها نەکرێت ئەوە لە کۆمەلگای پاشکەوتوودا هەزارو یەك رێگاو پاساو بۆ تۆلەسەندنەوەو پیلانگێران و بۆختان و فرت و فێلی دیکە خۆش دەکات.

گرفتێکی دیکەش هەیە پێویستە رەخنەی لێبگیرێت، ئەویش ئەوە تەنیا هاولاتیان نین کە بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەلکو بەرژەوەندی کۆمەلٚ واتە بەرژەوەندی گشتی هەیە دەکەوێتە بەردەم هەرەشە و بوختان و تیرۆر کردن. ئایا دەزگایەك هەیە بە یاسا دیفاع لە بەرژەوەندی گشتی بکات؟ بەلێ لە سیستەمی دادگادایە. ئەوانە ناویان چیە؟ پێیاندەگووترێ داواکاری گشتی(مودەعی عام). بێکارترین کەسانی ولاتی ئێمە داواکارە گشتییەکانن! لە دەرگایان بدە ئامادەنین

دیفاع له بچوکترین بەرژەوەندی ئەم ولاتە بکەن! ئەگەر ئەوانە کاری خۆیان کردبایە ئەو هەموو ئاژاوەیە دروست نەدەبوو.

سیستەمی پەروەردە و زانکۆیی پێویستە مل لەبەر گۆرانکاری بنێن. گۆرانکاری لە پرۆگرامەوە تا کەسایەتی مامۆستاکان، تا خوێندکاریش ئەوان بە نموونەی خۆی قبوڵ بکات. زانکۆ و سیستەمی پەروەردەیی لە عێراق لەم بارودۆخەدا دروست بوون: 1- ولاتێکە بە ئاگر و ئاسن پێکەوەنراوە 2- دەرفەتی دیموکراسی تێدا هەڵنەکەوتووە 3- زیاتر لە سی ساڵ فاشیزم فەرمانرەوا بووە. مەترسی فاشیزمیش لەوەدایە کە سەرلەنوێ کۆمەڵگا و کەسایەتییەکانی لە قاڵب دەداتەوەو سەرلەنوی مێژوو و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دادەرێژێتەوە. کارگەی ئەو ئەرکە لە قوتابخانەکانەوە دەستپێدەکات و بە زانکۆکان کۆتایی دێت. بۆیە چاکسازی پێویستە لەوێش دەستپێبکات.

ئاخرین شوێنی کە دەبێ چاکسازی تیدا بکرێ خێزان و جۆری پەیوەندییەکانیەتی. کەچی لە نەزانیمان هێناومانە یەکەمین قۆناغی گۆرانکاری. دایکان و باوکان کەوتونەتە بەرپەلامار رەخنە. پێویستە بزانین دایکان و باوکانیش بەرهەمی ئەم نیزامە کۆمەلایەتیەن. ئینجا زۆربەی دانیشتوانی ولاتیشمان نەخوێندەوارن. با جارێ بە قانون و قەناعەتی کۆمەلایەتی کە هی یەك تاك نین، ئازادییەکان دابین و تۆکمە بکەین تا ئەوکاتە دایکان و باوکانیش بگۆرێن و لێیانبپێچرێتەوەو دەسەلاتیان بۆ بەرژەوەندی بۆژانەوەی نەوەی نوی، کەم بکرێتەوە.

ئەوەی من دەیلێم سیاسەتێکی تایبەت بە حزبێك نیە. لەوانەیە بیروڕای جیاجیا لەم بوارانەدا هەبێت، بۆیە پێویستە رێزی رای یەکدی بگرین و ئایدیۆلۆژیا نەکەینە یاسا. چونکە هەر کە ئایدیۆلۆژیا بووە قانون ئەوە زەمینەی فاشیزم خۆشدەکات. فاشیزم هەر ئەو نموونەیە نیە کە هیتلەر و موسولینی کردیان، ئەوەشە کە سەدام حوسێن کردی، ئەو دیکتاتۆریەیە کە ستالین کردی، ئەوەشە کە تالیبان کردی یان ئەوەتا لە

فەلوجە و سێگۆشەی سوننە دەکرێ. هەریەك بە تایبەتمەندی کەلتوری و توانایی ئابوری خۆی پەیرەوی دەکات.

کەلتوری ئێمە بەم تونێلەدا تێپەریوەو کەسەکانمان بەرهەمی کۆتایی تونێلی توندوتیژی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیان. ئێستا هاتوینە قۆناغێك داوای ئازادی دەکەین، کەواتە پێیستە1− هەموو ئەم واقیعە مێژووییەمان لەبەر چاو بێت 2− میللەتی کوردستان لەگەڵ عێراق شێوان و نەخۆشیەکانی ئەو مێژووەی پێوەیە بۆیە نەخۆشە. میللەتانی دوای جەنگ و دیکتاتۆریی هەموویان نەخۆشدەکەون وەك چۆن لەش نەخۆشدەکەوێ. ئەوەش لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەوێ و باوەرناکەم بۆ ئێوە غەریب بێت. بۆ نموونە هەبوونی ئەو هەموو نەخۆشە عەقڵییانە(مەبەستم ئەوانەیە کۆمەڵگا بە سوکایەتیەوە پێیان دەڵێ شێت) لە وڵاتێکی بچووکی پێنج ملیۆنیدا سەرنج راکێشە. چەند کەس لە ئێوە لە خێزانەکانتاندا کەسانی عەسەبی و شێواو هەیە کە توانایی کاری نەماوە ؟ لە خێزانەکەی مندا سێ کەس قوربانی ئەم بوارەن، لای ئێوە چەند هەیە؟ چەند کەس لە ئێوەو خێزانەکانتاندا هەیە هێندە وەرەزە هەر کارێکی بدەیتێ هەر رازی نابی؟! ئەوەش وایکردووە هێدی هێدی نارەزایی ببێتە بەشێکی کەلتوری ئێمە. بۆیەشە هەرچی دیکەی هەر رەزامەندی دروست ناکات، واتە ئیستقرار بە زەحمەت دێخێ. بەدگۆیی، نارەزایی، گومان تا رادەیەك پەرەی سەندووە لەم وڵاتە دوو برادەرت دەستناکەون پێکەوە کاربکەن و لێکدی بە گومان نەبن!( ئەگەر وانیە پەنجە لە چاومرا بکەن). ئەوانە نەخۆشین یان نا؟ ئەدی ئەگەر ئەوانە بوونە وەزیرو پەرلەمانی یان کەوتنە منافەسە بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستێکی ئابوری چ بەسەر یەکدی دێنن؟

پێویستە جورئەتی دەستنیشانکردنی نەخۆشەکانمان هەبێ نەك پلیشاندنەوەیان. دەکری حکومەت دامودەزگای تایبەت بە هاوکاریکردنی دیاردە نەساغەکان دابمەزرێنێ. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دیاردەکان دەستنیشان بکەن و

فشاریش بۆ حکومەت بێنن تا بۆ چارەسەرکردنیان پرۆژەی بە کردەوەی هەبێت. جا ئەگەر حکومەت بە ئەرکی خۆی هەڵنەستا ئەوە رۆژنامەنووسان دەرگای رەخنە بکەنەوە. ئێمە دەبێ ببینە کۆمەڵگای ئیشکردن، ئەوەی ئیش دەکات لە نەخۆشی دوور دەکەوێتەوە، مافی بۆ دروست دەبێتن دەتوانێ منافەسە بکات.

دێمەوەسەر باوەرێکی دیکە لەسەر گەنجان کە پێیانوایە هەر کە بلوغیان بوو دەبی معاشیان بدرێتێ. کەچی لە سیستەمە پێشکەوتودا رێك بە پێچەوانەوەیە، گەنجان و بە تواناکان کاردەکەن و پیر و منداڵ و پەککەوتەکان لەسەری دەژین بەڵام بە سیستەمێکی هاوچەرخ. هەڵبەت کەموکوریەکانی حکومەت لە خراپی سیستەمی پەروەردە و دروستکردنی دەرفەتی زیاتر بۆ کارکردن ناشاردرێتەوە بەڵام نابێ فەرهەنگی تەنبەڵی بەمیان بشارینەوە. ئێوە هەقتانە بپرسن چەند کارخانە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك هەیە تا کاری تێدا بکەین؟ پرسیارەکە بەجێیە، بەڵام منیش دەپرسم چەند بیانی لە کۆمپانیاکانی بیناسازی و بازارەکانی کوردستان کار دەکەن؟ تەنیا ئەوە ماوە فیلیپینی ببەین لە گوندەکانمان کشتوکاڵمان بۆ بکەن! ئەو قسەیەی من بەمانای دژایەتیکردنی بیانی لە کوردستان نیە، نابێ راسیست(نەژادپەرست) بین بەڵام ناشبێ ببینە خەلیجی چونکە نەوتمان هەیە پاڵبدەینەوە. جا من لەوەوپێش گووتم ئەو میللەتەی کارنەکات زمانی درێژ نابێت، پێویستی بە زانست نابێ، ئینجا سیستەمێکی بەرێوەبەرایەتی هاوچەرخیش نابی، لە کۆتاییدا دیموکراسیش هەر پێویستیت پێی نامێنێ. کەواتە ئەو هەموو هاتوهاوارەمان لە چیە؟ بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە پەیامی نەورۆزدا ئێمەی خستە بەردەم ئەم هەموو مناقەشانە. جا حکومەتی کوردستان لەکوێ پرسیاری لێبکری دەبی وەڵام بداتەوە. بەڵام دەبێ پرسیار بە مانای راستەقینەی خۆی بێت .

کاتێك باسی مافی ئافرەت و منداڵ دەکرێ، پێویستە لە خۆمان بپرسین لە ناو خێزاندا تا چەند وەك مرۆڤ رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ. سەیری بازارەکانی خۆمان بکە لە پیاسەو

ڕۆیشتن و کرین و بوارەکانی دیکەدا چۆن ڕەفتار لەگەڵ هەردوو توێژ دەکرێ. منداڵ بە ئاژەڵی بچوک حساب دەکرێ و ژنیش تا ئێستا هەر کۆیلەیە. ئەگەر من باسی تەجرەبەی خۆمتان بۆ بکەم لەوانەیە نەمتوانیبێ لەو نەخۆشیانەی باسمکردن دووربکەومەوە و قارەمانیش نیم. بۆ نموونە سێ جار زەواجم کردووە و شانازیش بە تەجرەبە تایبەتیەکانی خۆم دەکەم بەڵام ئەوە تایبەتمەندیەکانی ژیانی منە و باشی و خراپیشی تێدایە(ئەوە باسکراوە بۆیە ئاماژەی پێدەکەم). پیکاسۆ کە مرد پەنجا جار ژنی هێنابوو، ئانتۆنی کۆینیش دوانزەجار. ئەوانە لە کارە باشەکانیان ناژمێردرێت بەڵام لە بواری دیکەدا بەرهەمیان هەبوو، لە هەمووی گرنگتر دژی ئازادی ئافرەتانی وڵاتەکەی خۆیان نەبوون. دژی مافەکانی منداڵیش نەبوون. ئێمە کۆمەڵگایەکین لەڕاست مافەکانی ئافرەت و پەروەردەکردنی مناڵ ڕاستگۆ نین. ئەگەر وانیە وەڵامم بدەنەوە، ئەگەر وایە با نەخۆشی درۆ لەناو کۆمەڵگا نەهێڵین، درۆ نەخۆشییەکە وەك گومان و پیلان و تیرۆر. چارەسەرکردنی بەو گفتوگۆیە فراوانە دەکرێ کە بۆ چاکسازی دەستپێدەکەین. ئەنجامەکانیشی ئەو ڕێگاچارانە دەبن کە پێیدەگەین و دوایی فشار بۆ حکومەت بێنین تا دەست بە چاکسازی خۆی بکات.

هیوادارم وەك هەمیشە بیروراکانم بە بریندارکردنی هەستی هیچ لایەن و کەسێك وەرنەگیرێ و ئامادەم گوێ لە ڕەخنە پێشنیارەکانتان بگرم.

پرسیاری قوتابیانی سلێمانی:

- ئەحمەد جوهەر کۆلێژی ئەندازیاری: کۆری یەکەمت جیاوازییەکی زۆری تێدا هەبوو لەنێوان ئەوەی بە نووسین بڵاوکرایەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە رادیۆ و

تەلەفزیۆنەکان بیستمان. دەکرێ بزانم هۆی ئەم جیاوازییە چی بوو؟ ئینجا رات لەسەر ئەو رەخنە روخێنەرانە چیە کە دوایی لەسەرت بلاوکرایەوە؟

- شاخەوان نوری کۆلێژی کشتوکاڵ: ئەوانەی ئیمزا کۆدەکەنەوە دەڵێن هەرەشەیان لەلایەن تۆوە لێکراوە، ئەمە تا چەند راستە؟ ئایا ئەوە لەگەڵ کاری راگەیاندن و گفتوگۆ تێکدەکاتەوە؟ ئایا چەند کارتان بۆ کردنەوەی پەیوەندی نێوان گەنجان و حکومەت کردووە؟
- فریا حوسێن کۆلێژی زانست: ئایا ئەو قۆناغە پر کارەساتانەی کورد پێیداتێپەریوە واینەکردووە کە تاکی کورد بە هەڵچوون تەعبیر لەخۆی بکات؟ چارەسەریەکەی لە چ رێگایەکدا دەبینی؟
- کاروان غەریب کۆلێژی پەروەردە: ئەو توندی فشارەی لەسەر کاك سەرۆ هەیە لەسەر بیروراکانی، ئایا ئەویش بە هەمان شێواز بەرامبەریان بەکاردێنیێ؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە من دەزانم دەستی سەرۆ قادر لە دروستکردنی راگەیاندنی کوردیدا چەند زۆرەو دەستخۆشی لەسەر ئەم کارەی لێدەکەم.
- ئالان عەبدوڵا کۆلێژی زانست: لە راگەیاندا ئەوەندەی باسی مافی گەنجان دەکرێت، باسی ئەوەش دەکەن کە ئەرکیان چیە؟ گەنج رەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، کاتێك باسی بێکاری دەکات ئامادەیە هەمان کار بکات کە گەنجێکی رۆژاوایی دەیکات؟ ئەو گەنجانەی کە هاندرابوون ئیمزا لەسەر کاك سەرۆ کۆبکەنەوە، بۆچی ئیمزا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کۆناکانەوە؟ یان بۆچی داوای جێبەجێ کردنی مادەی 140 ناکەن
- بەختیار سەعید رۆژنامەنووس: لە قسەکانی کاك سەرۆ سەبارەت بە رۆژنامەنووسی رەخنەگر سەرنجی منیشی راکێشا. سەبارەت بە بێکاری و چارەسەرکردنیشی، سەرەرای قسەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی، حکومەت خۆی تا سەر ئێسقان مقەسرە لە چەند خاڵێکدا. دوێنێ ژمارەیە کەنناس و کرێکاری

شارەوانی هاتن چواردەوری منیان گرت و گووتیان دەرمان دەکەن، کردنەوەی سوپەر مارکێت زۆر باشە بەڵام ئەوە بۆ وڵاتێکە بەرهەمی خۆماڵی زۆر بێتن کەچی بەداخەوە ئێمە تا ئێستا تور و تەماتە لە بەنگلادیشەوە دێنین. هەر ئەو خزمەتگوزارانە بوون تا دوێنی شەقامەکانی هەولێریان پاك دەکردەوە، هەموو گەنجی کورد کارنەکەر نیە و کارکەری باشیشمان هەیە، دوێنێ سەرۆکی شارەوانی هەولێر موچەکەیانی دابەزاندووە چونکە بەرامبەر بە خەڵکی خۆمان بێمنەتن. ئەگەر کارگەو کارخانە هەبن گەنجەکانمان کاردەکەن بەڵام کارخانە نیە. بەڵام کاری دیکە هەیە ئەوانەی خۆمان نایکەن، وەك ئەو فیلیپینیانەی بۆ کاری ناو ماڵ کاریان پێدەکەن و چەند رۆژ بەر لە ئێستا لە سەیرانگاکان خەڵك بۆ سەیری تەماشایان دەکردن. کرێکاریبەنگلادیشی بە سێ کەسیان ئیشی یەکێکی خۆمان ناکەن. سەبارەت بەو کەسانەی هەڵمەتی راگەیاندن و هاندان دژی تاکێك ئەنجام دەدەن، رۆژنامەنووس نین و دەستفرۆش و کاڵەك فرۆشن، کێ پارەیان بداتێ لەگەڵ ئەو دان، رۆژنامەنووس بۆی هەیە رەخنە بگرێ و لەوانەیە چارەسەریشی پێنەبێت. پێویستە حکومەت گوێمان بۆ بگرێت بەو زمانە گفتوگۆیەی کاك سەرۆ باس دەکات، نەك بە سوکایەتیکردن. پێشانگا دەکرێتەوە بەڵام وەزیر و بەرێوەبەرەکانی حکومەت خۆیان نایەن بزانن چ ئامێرێك لە وڵاتانی بیانی هاتوون و بە کەڵکی ئێمە دێن، بە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو وەزیری شارەوانیشەوە. ئەو شاندانەی لە بەرێوەبەرەکان و کاربەدەستەکانی حکومەت بۆ دەرەوە دەچن گوایە شت فێربن کەچی ژن و منداڵیان دەبەن و دەیکەن بە گەشتوگوزاری خۆیان.

باسی دادگاکان کرا، برۆ زیندانەکان ببینە یەك منداڵی مەسئول نابینی هەموویان کورە هەژارن و لەسەر دزی و کاری سادە گیراون. کەسوکاری مەسئولەکان بە تەلەفۆنێك بردەدرێن. دەسەڵات دەبێ بەدواداچوونی هەبێ.

- سامان سدیق لە کۆلێژی زانست: کاك سەرۆ پۆستێکی سیاسی هەیە و پۆستێکیشی لە بواری راگەیاندن هەیە. ئایا ئەو شەڕەی لە نێوان ئەو و رۆژنامەنووساندا دروست بوو جۆرێك نیە لە شەری سارد جگە لە خۆی دژی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە. ئەو رەخنە و قسەلۆکەی لەسەری دروست بووە ، ئەگەر ئەو دوو پۆستەی نەبوایە، پێیوایە وەك رۆشنبیرێك دژایەتی دەکرێت؟
- کارۆ کامەران کۆلێژی زانستە سیاسییەکان: پرسیاری من ئەوەیە لە ناو راگەیاندنی کوردستاندا رەخنە چ مانایەکی هەیە؟ ئایا کەمبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی نەبووەتە هۆی دروست بوونی ئەم دیاردانە؟

وەلامەکانی سەرۆ قادر:

زۆر سوپاسی رەخنەکانتان دەکەم دوایی بۆ پرسیارەکان. تاکو وەختتان زۆر نەگرم هەوڵدەدەم  هەموو پرسیارەکان پێکەوە ببەستمەوە و وەلامەکانیشیان هەر بەم چەشنە بدەمەوە .
هەر کەسێك لە قسەکردنی ئیرتجالیدا لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا جۆرێك لە تێکەلاوی و بێدیقەتی بەکاردێنی بەلام کاتێك بیەوێ بە نووسین بلاوی بکاتەوە، لەرووی زمانەوە چاکی دەکاتەوە و دیقەتی تێدخات بەلام نابی زیادی و کەمی لە ناوەرۆکدا دەسکاری بکات. بۆ نموونە لەوانەیە شەش وشەی هاومانا لەدوا ی یەکدی ریز بکەم کە لە نووسیندا یەکیان پێویستە. نووسەر کاتێك قسە دەکات و دوایی بلاوی کردەوە ئەویان لەسەری حساب دەکرێ. ئەو کەسانەی گفتوگۆیان گەرەکە ئاوها رەفتار لەگەل یەکدی دەکەن. سەبارەت بە کاری رۆژنامەکان، ئەوەی

قسەکانی نووسەرێك بڵاودەکاتەوە، مافی خۆیەتی چەندی لێ وەردەگرێ و بڵاویدەکاتەوە. تەلەفزیۆن و رادیۆکانیش هەر وادەکەن. چونکە لە یەکێکیان وەخت مەحدودە و لەویتریان لاپەرەکان بە ژمارەن. من لە دانیشتنی یەکەم پەنجا دەقیقە قسەم کردووە، هیچ تەلەفزیۆنێك ئەو هەقەم پێنادەن کە هاولاتیان ناچار بکەن ئەو ماوە درێژە گوێ بۆ قسەی من بگرن. بۆیە قسەکانم دەکاتەوە نیو سەعات، بەلام گرنگ ئەوەیە لەو ماوەیەی بۆی تەرخانکردووم مەبەستەکەی منی گەیاندبێت. کەواتە ئەوە شێوازێکی کاری گەیاندنە و ئەوانەی خوێندوویانە دەزانن ئەوە هونەرێکە بەلام دەبێ راستگۆیی تێدا بێت. ئەوەی من بلاومکردۆتەوەو لێی بەرپرسیارم، لە ناوەرۆکیدا لەگەلّ دەنگ و رەنگدا جیاوازی هەبووبێ، فەرموون نمونەکەیم بدەنێ. لە کۆری یەکەممدا رستەیەکی درێژی من قۆزرایەوەو لەوەوپێشیش قسەم لەسەر کردووە بۆیە نایەمەوە سەر باسکردنی. ئەو کەسەی لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی خۆیدا بێدیققەتی و دوبارەکردنەوەو زمانی سەقەت بەکاربێنی ئەوە هەر نووسەر نیە. لە نووسیندا دەبی بە کەمترین وشە زۆرترین مانا بگەیەنی، لەبیریشتان نەچێ پێگەیشتنی زمان تا ئێستا لەسەر نووسینی سەر کاغەزە نەك لە گوفتاردا. دیققەت لە نووسندایە، بۆیەش مامۆستاکانی ئێوە لە زانکۆکاندا چەندی جوانیش دەرس بڵێتەوە ئینجا دوایی مەلزەمەتان دەداتێ چونکە دیقەت لەوێدایە.

سەبارەت بە وشەی رەخنەی روخێنەر، من پێموایە هەچی روخێنەر بێت ئەوە رەخنە نیە. رەخنە چەمکێکی زانستیە و زمانزانەکان دەزانن چەمکی رەخنە لەخۆیدا سەرەرای تیۆری جیاجیا، ئامانجەکەی 1- وەسفکردنی واقعی حالە 2- نیشاندانی ناکۆکییەکانیەتی 3- دەستنیشانکردنی ئەرکەکانیەتی 4- لە دواییدا بەرهەمی ئەرکەکەی باسدەکرێ 5- لە کۆتاییدا دەکرێ بلێن ئەو بەرهەمەمان بەدلّ نیە لەبەر هەندێ پێویستە ئەم سیستەمە گۆرانکاری تێدابکرێ. لەم کارەدا چ

شێوازێکی زمانەوانی بەکاردێنی ئازادی بەڵام نابێ مافی خەڵکی دیکە پێشێل بکرێ و بەدناونەکرێ و جەنگی دەروونی لەدژی بەرێنەهێخیت و سەلامەتی نەخرێتە مەترسییەوە. دەنا هەر نووسەر و قسەکارە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمە روانگایەکی سادەیە بۆ رەخنە. ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن و دەیخوێنن دەزانن فراوانترە. هەر بۆیەش رەخنە وەك لۆکۆمۆتیڤی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا هەر ئەو گفتوگۆیەی نێوانمان جۆرێکە لە کاری رەخنەیی کە چارەسەرییەکانی بە تەنیا لای من و لای ئێوەش نیە. پێویستە دامودەزگای تایبەتی لەم بوارەدا کاری جدی و زانستی بکەن. تا گەیشتن بە چارەسەری نیهایی ، جاری واهەیە چەندین رێگاچارە تاقیدەکرێنەوە تا دەگەنە باشترینیان. بۆیە ئەگەر ئەم کارە بۆ روخاندن بەکارهات ئەوە لە جوغزی رەخنەو رۆژنامەنووسی و نووسەرێتی دوور دەکەوێتەوەو دەبێتە پوچیگەری (نەهیلیزم- العدمیە). ئەو کەسانە پێویستە لێیان بکۆڵدرێتەوە ئاخۆ لەرووی دەروونیەوە سەلامەتن یان نا؟ ئەگەر ساغ دەرچوو، ئەری ئامانجێکی ئابوری یان سیاسی یان مافیایی لە پشتیەوەیە یان نا؟ ئەگەر یەکێك لەوانەی لەپشت بوو ئەوە بە تاوان حساب دەکرێ و دەدرێتە دادگا. کەواتە رەخنەگر نیە چونکە رەخنەگر سازەندە و چاکەکارە( ریفۆرمیستە).

سەبارەت بە هەرەشەکردن، کەسێك توانای گفتوگۆ و مەنتقی هەبێت بۆچی هەرەشە دەکات! لە کۆمەڵگادا ئەو کەسەی توانایی دروستکردنی بیرورای هەبێت ئەوە پێویستی بە ئامرازی هەرەشە نیە. ئەو کەسانە لە بیروراگۆرینەوە ماندو نابن و ئەوەش کارێکی چاکسازی و زانستیشە. ئەوەش تایبەتمەندی زانکۆ و مەڵبەندە رۆشنبیرییەکانی کوردستانە. بۆیە ئەو کەسەی دەڵێ سەرۆ قادر هەرەشەی لێکردوم با بە بەڵگەوە بچی شکایەت بکات. هەروەها سەرۆ قادرو غەیری ئەویش ئەگەر زمانی هەرەشە بەکاربێنن، دەبی شەهامەتی ئەوەیان نەبێت باسی گفتوگۆ و

چاكسازی  كۆمەڵایەتی بكەن. ئەگەر وابی ناتوانن باسی رەخنەگرتن لە حكومەت و كۆمەڵگا بكەن چونكە شێوازی مافیایی بەكاردێنن. بۆیە من ئەوە نیم چونكە مافیایی نیم. ئەمرۆ نا بەڵام رۆژگارێك دێت شاهیدی دەدەن كە من كاتێك كار دەكەم و رەخنەم لێدەگیری یان هێرشم دەكرێتەسەر، كەسانێك بە راستەخۆ یان ناراستەخۆ هان نادەم دیفاعم لێبكەن. بێمنەتم لە هەر نووسەر و ئاسایشێكی ئەم وڵاتە كە بڵێ سەرۆ رۆژێك داوای تەمبێ كردن یان هەرەشەكردن لە كەسێكی لێكردووم. ئەگەر كەسانێك هەن بەو قسانە نان دەخۆن ئەوە عافێتیان بێت بەڵام شێوازەكەیان لە بەرژەوەندی كۆمەڵگا نابێت. ئەگەر ئەو كەسانە بەشێك لەو مەكینە سیاسییە بن كە نایەوێ حكومەت كاری خۆی بكات و باسی چاكسازی ئیداری و كۆمەڵایەتی بكات، ئەوە كارەكەیان تێكدەرانەو پاشكەوتنخوازانەیە .رۆژێك سەرۆكی حكومەت داوای لە كۆمپانیاكان كردبوو  كرێكار لە دەرەوە نەهێنن.  خاوەنی كۆمپانیاكان وەڵامیاندابووەوە كارەكانیان دەوەستێ چونكە 1- ژمارە ئەو كرێكارانە لە كوردستان ئامادەی كارن زۆر كەمن.2- كرێكار لە گەردی بەیانیەوە تا زەردەی ئێوارە دەبێ كار بكات. كەچی ئەوانەی كوردستان سەعات دە دێن و دوای سەعاتێك چێشتەنگاو دەخۆن  و پاش كەمێك نوێژی نیوەرۆ دەكەن و دەچنەوە ماڵ نانی نیوەرۆ دەخۆن و دەستیان گەرم نەبووە بانگی عەسرە و دیسان نوێژ دەكەن و دوایی دەرۆنەوە. بەم فەرهەنگە كار بەرێوەناچێ و بەرهەم ناكرێ.

جارێكی دیكە سەرۆكی كوردستان داوای لە سەرۆكی حكومەت كرد پشتیوانی لە بەرهەمی كشتوكاڵی ناوخۆ بكرێ. وەزیر و لێپرسراوەكان بە ئامار وەلامیاندایەوە كە گوندی چۆڵ كە جوتیارەكانی هەموو لە شار و ئۆردوگاكانن و چاوەروانی معاشی حكومەت دەكەن، بە دوو فەردە خەیار و چەند سندوق تەماتە ناتوانێ منافەسەی دەیان ترێلی بەرهەمی بیانی بكات. ئەوە لە كاتێكدا كە بۆ مەسرەفی ناوخۆ

پێوستمان بەو ژمارە زۆرەی بەرهەم هەیە. (هەڵبەت لێرەدا نامەوێ پاساو بۆ کەموکورییەکانی لێپرسراوان بێنمەوە) بەڵام سروشتی ئینسان بەجۆرێکە لە منافەسەو خۆشیدا جوانترین هەڵدەبژێرێ. میوەی وڵاتی ئێمە لە هی هەموو وڵاتان خۆشترە بەڵام ئایا جوتیارەکانی کوردستان دەیکەن؟ ئایا حکومەتیش پرۆگرامی هاندان و هاوکاریکردنی هەیە؟ ئەمە حاڵی وڵاتی ئێمەیە. کەواتە رەخنەگرتنمان لە یەک لاوە نیە.

ئەو ناوەندانەی تەنگژەیان ناوەتەوە ئامانجیان هەیە ئەویش1- دەیانەوێ حکومەت نەتوانێ لە پیشەسازی و نوێکردنەوەی وڵات بەردەوام بێت 2- چاکسازی کۆمەڵایەتی دەستپێنەکات. لە هەموو دنیادا کاتێك چاکسازی کراوە کە سەرۆکایەتی وڵات لە پێشەوە بروات. یەك نموونە لە دنیادا نیە خەڵك بە تەنیا خۆی چاککردبێ و سەرۆکایەتیەکەی لە دواوە بووبێ یان رێگای لێگرتبێ. سەیری نموونەی ژاپۆن بکەن ئیمپراتۆری (پادشا) خۆیان لەگەڵ دین تێکەل کردووە چونکە پیشەنگی پێشخستنی ئەو ولاتە بووە.

ئەو نموونە ناوخۆییە سەلبیەی باسمکرد، پاشماوەی کێشەی چەکداری ناوخۆن کە جگە لە چەك و سێرەگرتن و بەردانەوی مرۆڤ هیچی دیکە نازانن. لەو کارەشدا بەشێك لە تکنۆلۆژیای راگەیاندن بەکاردێنن و ئەوانی کاریشیان لەگەل دەکەن رۆژنامەنووس نین. کەی رۆژنامەنووس ئەو قسە قێزەوەرانە دەنووسێ کە هیچ پەیامێکی تێدا نیە؟ بە پێچەوانەوە رۆژنامەنووس رەخنە بۆ چاکسازی و دەرخستنی کەموکورییە شاراوەکان دەگرێ و لەکاری خۆیدا راستگۆیە و تێکەڵی پیلانگێران نابێت و تاوان ناکات هەر بۆیە مرۆڤێکی خێرخوازی ریفۆرمیستە.

نیسانی 2007